# ڕەخنەی پراکتیکی

ڕەخنەی پراکتیکی چییە؟

ئەوانەی گرینگی بە ئەدەب و ڕەخنە دەدەن، هەمیشە بەر ئەو قسەیە دەکەون، کە گەشەی ئەدەب پێوەندی بە گەشەی ڕەخنەوە هەیە. واتە پێوەندییەکی جەدەلی لە نێوان گەشەی ئەدەب و گەشەی ڕەخنەدا هەیە. پێشکەوتن و گەشەی هەریەکەیان کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی ئەویتریان دەبێت و لاوازی هەر یەکیان کاریگەری لەسەر لاوازکردنی ئەویتر دەبێت. ڕەخنەی پراکتیکی چەمکێکە گرینگی بە بونیاد و پێکهاتەی دەقی ئەدەبی دەدات، هاوکات لایەنی لاوازی و جوانی لە ڕووی هونەرییەوە لێکدەداتەوە. کەواتە لەم پێکگەیشتن و کارلێکەی نێوان نووسەر و ڕەخنەگر، ڕەخنەی ئەدەبی دەبێتە پێوەر بۆ دەقی ئەدەبی. بۆ نموونە نووسەری دەق سوود لە توێژینەوە ڕەخنەییەکان بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی وەردەگرێت، ڕەخنەگریش زانست و ئارامی و بیرکردنەوەی تازەی لەبارەی دەقە دەست دەکەوێت. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوانە و بەرکەوتنانەی نێوان نووسەری دەق و ڕەخنەگر، ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و فیکری نەتەوە پێش دەکەوێت.

ئێمە بە گشتی پێویستیمان بە ڕەخنە و بەتایبەتی ڕەخنەی پراکتیکی هەیە. بۆ ئەوەی هەموو کەلێن و قوژبنێکی دەق ئاشکرا بکەین، بەڵام هەموو ڕەخنەیەکی پراکتیکی ڕێسا و بنەما فیکری و جوانی و فەلسەفی خۆی هەیە، کە لایەنی تیۆری و مێتۆدی لەسەر داڕێژراوە. ڕەخنەی پراکتیکی لە ڕۆژئاوا لەسەر سێ بنەما مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات:

١. ڕەخنەی ئەدەبی گرینگی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی دەدات، واتە ئەو ژینگەیەی ڕۆڵی لە شێوەگرتنی دەقدا هەیە.

٢. ڕەخنە وەکوو بوونێکی زمانەوانی مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات، واتە دەق بوونێکی زمانی هەیە و پێکهاتە زمانی و هونەری و جوانییەکان لەخۆ دەگرێت.

٣. دەق گرینگی بە خوێنەری دەق دەدات، چونکە دەق وەڵامدەرەوە هەستی و هەڵچوون و جوانی و فیکرییەکانە.

سەرەتا بە تێڕامان لەم چەمکەی سەرەوە دوو زاراوە لە زیهنی منی خوێنەردا دروست دەبێت، ئەوانیش تیۆر و پراکتیکن. کەواتە ڕەخنە دوو لایەنی هەیە، لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکی. ئەم دوانەیە، دوانەیەکی مەعریفی و فیکرین، دانانی هێڵێکی جوداکەرەوە لە نێوانیادا زەحمەتە. کاتێک ئەم دوو زاراوەیە لەسەر ڕەخنە جێبەجێ دەکەین، ڕاستەوخۆ بەر دوو جۆر کارکردن لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە دەکەوین. جۆرێکیان لایەنی تیۆرییە، کە هەموو ئەو بیرکردنەوە ڕەخنەییە تیۆریانەی وەکوو مێتۆدێک، یان تیۆریەک دەرکەوتن دەگرێتەوە، بۆ نموونە بۆچوونەکانی (ئەرەستۆ) لەبارەی شیعرەوە، لە کۆنەوە تاکوو ئێستا بووەتە کەرەسەیەکی باش بۆ ئەوەی ڕەخنەگران و تیۆریزانان بۆ دەوڵەمەند کردنی مێتۆدەکانیان سوودیان لێ وەرگرتووە. ئەم بۆچوونانەی (ئەرەستۆ) بوونەتە بناغەیەک بۆ دیاریکردنی چەمک و ژانرە ئەدەبییەکان. هاوکات هەموو ئەو مێتۆدە ڕەخنەییانەی وەکوو مێتۆدی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونشیکاریی، سیمیۆلۆجی، ڕەخنەی نوێ...تاد دەگرێتەوە.

هەرچی ڕەخنەی پراکتیکییە پرۆسێسەیەکە (کارێکە) ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات، ئەویش لە ڕێی شیکردنەوە، ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی توخم و هونەر و تەکنیکەکانی ئەو دەقە ئەدەبییە. ئەم کارە (ڕەخنەی پراکتیکی) پێویستی بە لایەنی تیۆریی هەیە، واتە دەبێ بناغە و بنچینەیەکی تیۆریمان هەبێت بۆ ئەوەی بۆچوونەکانمان لەسەری هەڵچنین. کەواتە ئێمە سەرەتا وەکوو لایەنی تیۆری کۆمەڵێ پێوەر و بنەمامان بۆ دیاریکردنی تەکنیک و لایەنی ئێستاتیکا و هونەریی دەقی ئەدەبی هەیە. ئەرکی ڕەخنەی پراکتیکی ئەوەیە ئەو بنەما و یاسا و پێوەرانە بۆ لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی دیاری بکات. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ڕەخنەی تیۆرییدا ڕەخنەگر زیادتر وەکوو تیرۆزان و فەیلەسووف دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕەخنەی پراکتیکیدا دەقی ئەدەبی دەبێتە ناوەندی توێژینەوە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و بڕیاردان لەبارەیەوە. کەواتە ڕەخنەی پراکتیکی هەموو لایەنە ڕەوانبێژی و زمانیی و مێژوویی و دەروونییەکانی دەقی ئەدەبی وەردەگرێت. ڕەخنەی پراکتیکی لە پێوەندی تاک بە دەقی ئەدەبییەوە دەکۆڵێتەوە.

کەواتە ئەگەر بمانەوی سنووری نێوان ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی دیاری بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین دیاری کردنی سنووری نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە ڕووی مێتۆدییەوە کارێکی نەکردەیە. چونکە لایەنی تیۆری مەرجێکە بۆ ئەوەی خوێنەر عەقڵ و بیرکردنەوە و هوشیاریی بۆ لێکدانەوەی دەقەکە بخاتەگەڕ. هەر ئەمەیشە دوو ڕەخنەگری وەکوو (ڕینیە ویلک)و (ئۆستن وارن) لە کتێبی (تیۆری ئەدەبیات)دا بۆچوونی خۆیان لەبارەی پێوەندی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەردەبڕن. ئەوان دەڵێن: لە مەیدانی توێژینەوەی ئەدەبییدا، دەتوانین وەکوو سێستەمێک، کە ملکەچی کات نییە لە ئەدەب بڕوانین و هاوکات وەکوو بنەڕەتێکیش، کە زنجیرەیەک لە چالاکی ڕێکخراوە بە پێی سیاقی مێژوویی لێی بڕوانین. کەواتەئەم دوو ڕەخنەگرە جوایەزی لەنێوان ئەم شێوە ڕەخنەیە لە چوارچێوەی چالاکییەکدا، کە چالاکی لێکدانەوەی دیاردە ئەدەبییەکانە.

ڕەخنەی پراکتیکی چالاکییەکە قوتابی بۆ پرۆسێسەیەکی بیرکردنەوەیی ئامادە دەکات. هاوکات ئامرازێکە بۆ تێگەیشتنێکی باشتری دەق، زەمینەیەکە پێگەکانی مشتومڕی ڕەخنەگرانە لەسەر پتەو دەکرێ. کەواتە ڕەخنەی پراکتیکی کارێکە هەر ڕۆژە سیمایەکی نوێ بەخۆوە دەگرێت، لەسەر بنەما و بنچینەی ڕەخنەی ئەدەبی دامەزراوە. ڕەخنەی پراکتیکی یارمەتی قوتابی دەدات ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی ئاشکرا کار لەبارەی دەقەوە بکات، هاوکات ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە ڕەخنەی پراکتیکی داوا لە قوتابی دەکات دەق بناسێت. واتە ئەو دەبێ لە زنجیرەیەک گریمانە و ڕیسای ئاڵۆزی ڕەخنەی ئەدەبی لەبارەی دەقەوە بکۆڵێتەوە، ئینجا بێت بڕیار بدات، هەرچەندە بە بڕوای ئێمە ڕەخنە لەوە دەرچووە بڕیاردان بێت لەسەر لایەنی باشی و خراپی دەق بەڵکوو توێژینەوەیە لە لایەنی هونەری و تەکنیکی دەق. کەواتە ڕەخنەی پراکتیکی وەکوو خاڵی کۆتایی ناژمێردرێت، بەڵکوو خاڵی دەسپێکی ڕەخنەی ئەدەبییە. بەمەیش ئەو ترسە لەکن قوتابی دەڕوێتەوە، کە ئەو توانای نییە دەق لێکبداتەوە، بەڵکوو قوتابی دەبی ئەو هەستەی لەکن دروست بکرێ کە دەتوانی شیعر بناسێت و ڕاڤەی بکات.کەواتە وانەکەمان جەخت لەسەر سێ خاڵ دەکاتەوە:

١. چۆن دەتوانین دەقێکی شیعر، یان پەخشانی وەک یەکەیەک کەشف بکەین؟
٢. چۆن دەتوانین ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی لەبارەی دەقەکەوە هەمانە گەشە پی بدەین؟
٣. چۆن دەتوانین وەڵامەکە، یان لێکدانەوەکە وەکوو وتارێکی کاریگەر دابڕێژین؟

گۆڕینی پرسیار لە (چی؟) بۆ (چۆن؟)
ئەوەی لە ڕەخنەی پراکتیکی زۆر گرینگە پرسیاری (چۆن؟)ە. ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی دەق دەکرێتەوە. خوێنەر لیرەدا هەوڵدەدا لە چۆنیەتی دروستبوونی دەقەکە بکۆڵێتەوە. واتە ئەو هونەر و تەکنیکانەی ئەم ڕستە و قسانەیان کردووە بە شیعر.. ئەم پرسیارە (چۆن؟) فێرمان دەکات لە شیعردا بە دوای چیدا بگەڕێین، لە چ خاڵێک وەرامەکەمان دەست بخەین. کەواتە ئەوەی گرینگە ئەو شیعرە چۆن نووسراوە نەک لەبارەی چییەوە نووسراوە. واتە خوێنەر هەوڵی شیکردنەوەی لایەنی تەکنیک دەدات. چونکە هەموو بابەتێک دەکرێ بکرێ بە شیعر، شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ و سینەما تێمەی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کاری لەبارەوە بکەن، بەڵام ئەوەی گرینگە چۆن ئەو تێمە و بابەتە دەکەن بە دەق. سەدان شیعرمان هەیە لەبارەی خۆشەویستیەوە، جیاوازی هەریەکەیان لەوەدا دەردەکەوێ، کە چۆن کراوەتە شیعر. سەدان فیلممان لەبارەی جەنگەوە هەیە، بەڵام شێوازی کارکردن و چۆنیەتی دروستکردنی فیلمەکان لە یەکدی جیاوازە.

ئەرکەکانی ڕەخنەی پراکتیکی
هەموو دەقێکی ئەدەبی لە سێ ڕەگەزی سەرەکیی، کە: نووسەر و دەق و خوێنەرە پێک دێت. بزووتنەوەی ڕەخنە بە درێژایی مێژوو لە یۆنانییە کۆنەکانەوە تاکوو ئێستا کاریان لەبارەی هەر سێ ڕەگەزەکە کردووە، بەڵام لە هەر قۆناغ و سەردەمێک یەکێک لە ڕەگەزەکان گرینگی پێدراوە و کراوە بە پێوەر بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی. ڕەخنەی پراکتیکی ئەرکی فرە و جۆراوجۆری لەگەڵ ئەم سێ ڕەگەزەدا هەیە.
یەکێک لەو ئەرکانەی ڕەخنەی پراکتیکی بەرانبەر نووسەر، یان داهێنەر ئەنجامی دەدات، ئەوەیە نووسەرەکە لە ڕێی دەقە داهێنانەکەیەوە دەناسێنێت. واتە ڕەخنەی پراکتیکی هەوڵی ناساندنی نووسەر دەدات، لە ڕێی ڕەخنەوە نووسەر دەناسرێنێت. هاوکات ئەزموون و شارەزایی لە نووسینی دەقدا دەناسرێنێت. کەواتە ڕەخنەی پراکتیکی ئەو ئەزموون و شارەزاییەی نووسەر لە ڕێی ئەنجامی توێژینەوە لە بابەت، یان بابەتێک لە بابەتەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکاندا پێی دەگات. کەواتە لەسەر نووسەر پێویستە دەقێکی داهێنانە بنووسێت، هاوکات نووسەر دەبێت ئەزموونی ڕەخنە بکات، بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبییدا بە دەستبهێنێت. بۆ نموونە (وۆردز وۆرس) یەکەم شاعیری ئینگلیزییە هەوڵی لێکدانەوەی شیعری داوە و بەرگری لێ کردووە و پێناسەی کردووە، ئەمەیش یارمەتی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی بە

ئاسانی لێی تێبگەن. ڕەخنەی پراکتیکی نووسەر دەکاتە یەکەم ڕەخنەگرێک بۆ دەقەکەی خۆی، پێش ئەوەی دەقەکەی بڵاوبکاتەوە. نووسەر بەرانبەر دەقەکەی دەوەستێ، ئەمەیش بە شێوەی ڕەخنەی تیۆریی نابێت، بەڵکوو بە جۆرێک لە جۆرەکان پراکتیکی دەبێت.

سەبارەت بە ئەرکی ڕەخنەی پراکتیکی بەرانبەر دەقی ئەدەبی، دەتوانین بڵێین لێرەدا گرینگی بنەما و یاسا تیۆرییە ڕەخنەییەکان وەکو هەنگاوی یەکەم بەرانبەر دەق دەردەکەون. هەرچەندە بنەما و یاسا تیۆرییەکان بەس نین بۆ ئەوەی ڕەخنەگرێکی حەقیقیمان لێ دەرچێت، بەڵکو بابەتیەتی و وردی لە توێژینەوە و دەرخستنی لایەنی هونەری و تەکنیکی دەق گرینگە. ڕەخنەگری باش هەوڵی پرسیار وروژاندن لەبارەی دەقەکەوە دەدات، هاوکات هەوڵی کەشفکردنی دەق لە ڕێی مێتۆد و چوارچێوەیەکی دیار دەدات. لێرەوە گرینگی ڕەخنەی پراکتیکی بەرانبەر حەقیقەتی دەقی ئەدەبی دەردەکەوێت